www.kurdistannet.org
12/05/2002 13:36

# کێشەی عێراق لەنێوان هەڕەشەکانی امریکاو وتوێژی UNدا .

ابوبکر احمد سلێمان

سەرەرای هەرەشەکانی امریکا لەدژی عێراق وقسەوباس لەهێرش بۆسەرئەم ولاتەوسیناریۆی گۆرینی رژێم ، لەمانگی (٣)ی ئەمسالەوەتائێستا دووجەولەی وتو ویژی چروپروجددی لەنێوان ئەنجومانی ئاسیشی نێودەولەتی ورژێمی سدام حسین داسەبارەت بەگەرانەوەی کۆمیسیۆنی پشکێنەره کانی سەربەUNئەنجامدراووهەروەك لەلایەن هەردولاوەراگەێندراوەچاوەرێی ئەوەدەکرێت بەم زوانەجەولەیەکی تری وتو ویژ لەنێوان رژێمی عێراق وئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی دادەست پێ بکاتەوەوبەپێی ئەوهەوالەنەی کەلەئەنجامی وتو ویژەکانی جەولەی دوهەم لەلایەن هەردولاوەراگەیاندراوەلێك تێگەیشتنی بەرچاورویداوەورژێمی عێراق سەبارەت بەگەرانەوەی پشکێنەرەنێودەولەتی یەکان نەرمی زۆری نیشان داوەوبەپێی ئەم هەوالەسەرەتایانەپێ دەچێت رژێمی عێراق بەتەواوی مل بدات بەم خواستەیUN وجارێکی ترپشکێنەرانی نێودەولەتی بگەرێنەوەبۆعێراق،ئەمەلەکاتێکدایە کەهەرەشەکانی امریکارۆژبەرۆژلەسەرعێراق توندتردەبنەوەوچەندجارێك رای گەیاندوەکەمەسەلەی هێرش بۆسەرعێراق وگۆرینی رژێمی سدام لایەن امریکاوەبریاری لەسەردراوەورازی بون یان رازی نەبونی عێراق لەسەرگەرانەوەی پشکێنەرانی نێودەولەتی هیچ لەهەلوێستی امریکاناگۆرێت،بەلام ئەم هەرەشانەی امریکاتائێستاهیچ هەنگاوێکی جددی بۆنەنراوەوتەنانەت بچوکترین نەهێنی تەرح بەرنامەی امریکاسەبارەت بەهێرش کردن بۆسەرعێراق وگۆرینی ئەورژێمەوئایندەی عێراق لەگەل ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەتایبەتی حیزبەدەسەلاتدارەکانی کوردستانداباس نەکراوە ومەسەلەکەهەرلەچوارچێوەی هەرەوگورەشەدایە،هانس بلیکس سەرۆکی کۆمیسیۆنی لێکۆلینەوەو پشکنین تایبەت بەلەناوبردنی چەکەکۆکوژەکانی عێراق دوێنێ لەچاولێکەوتنێکدابۆرۆژنامەی ( الحیات )وتی عێراقی یەکان مەسەلەی ئەگەری هێرشی امریکایان زۆر بەجددی گرتووەدەلێن لەکاتێکداهەرەشەی داگیرکردن وکردەوەی سەربازی مان لەسەرەئەستەمەگەلی عێراق رازی بێت بەگەرانەوەی کۆمیسیۆنی پشکێنەرەنێودەولەتی یەکان ، ئەوەدەلێت جائەگەرهەرەشەکانی امریکاسەبارەت بەگۆرینی رژێم جددی بوایەئیترمەسەلەی پشکنین لەم قۆناغەدا پێویست نەدەبو ،هەروەها لەجوابی پرسیارێکی ترداسەبارەت بەوەی کەامریکی یەکان دەلێن مەسەلەی گۆرینی رژێم باشترین رێگاچارەیەبەجیالەوەی کەئەنجومەنی ئاسایش چی پێ دەکرێت سەبارەت بەمەسەلەی پشکنین وسزاکان ،ئەمەهەلوێستی امریکایە وئێوەئەم مەسەلەیەچۆن دەبینن؟ ،(هانس بلیکس) وتی ئەوشتانە هەموی دەخوێندرێنەوەبەلام هیچ شتێکی تاکیدنابیندرێت سەبارەت کردەوەیەکی سەربازی ومن تێبینیم کردوەئەم قسەیە سەبارەت بەگۆرینی رژێم زۆرجاردوبارەکراوەتەوەکەبەبۆچونی ئەوان گۆرینی رژێم باشترین رێگاچارەیەبەلام هەرئەمەئەوەنیشان ئەدات کەرێگاچارەی تروجودی هەیەومن لە(مستشاری ئەمنی قەومی)کۆندۆلیزارایس) م بیستوەکەدەلێت هیچ بریارێکی ئەکید بۆکردەوەیەکی سەربازی امریکی دژی عێراق وجودی نییە.ئەم بۆچونە مانای ئەوەیەکەهێشتا مەسەلەی ئەگەری لێدانی عێراق وگۆرینی رژێم سەرەرای هەموئەوهەرەشەوگورەشانەنەبۆتەئاخرین رێگاچرەوهێشتا امریکابیرلەالترناتیڤی تردەکاتەوەبۆزیاترلەقەیدوبەنداراگرتنی رژێم ،بەلام مەسەلەی نیگەرانی امریکالەسەرقودرەت وئیکاناتی سەربازی عێراق وەك مەترسی یەکی گەورەلەسەربەرژەوەندی یەکانی خۆی وئیسرائیل لەوناوچەیەداوپێش گرتن بەم مەترسی یەبۆتەمەشغەلەتێکی جددی ،تەرحی ئابلۆقەی ئابوری زیرەکانەپێشنیارکراوی امریکاوبەریتانیاکەپێش بینی دەکرێت دوشەمەی داهاتولەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش وەبخرێتەدەنگدانەوەوبریاری لەسەربدرێت،کەبەپێی ئەم بەرنامەتازەیەقەیدوبەندلەسەرواریدات و سادراتی کالامەدەنی یەکا ن هەلَ دەگیرێت وتەنهاقەیدوبەندلەسەرچونەناوەوەی کەلوپەلی سەربازی دەمێنت ،پێ دەچێت ئەمە بەدیلێکی تری امریکابێت بۆکۆنترۆل کردنی بەرنامەی چەکسازی رژێم ولەلایەکی تریشەوەئەم سازش وسەوداکاری یەی امریکاگومانی هێرش بۆسەرعێراق وگۆرینی رژێم رۆشن تردەکاتەوەوپێ دەچێت هێشتارژێمێکی کلك وبال کراوی وەك رژێمەکەی سدام حسین و ولاتێکی کۆنترۆل کراوی وەك ئێستای عێراقی پێ باشتربێت لەوەی کەبۆامریکا معلوم نییە لەدوارۆژی هێرش کردنەسەرعێراق وروخاندنی رژێم چ فەوزایەك لەوناوچەیەدروست دەبێت وتاچەندکۆنترۆلی ئایندەی پێشهاتەکانی لەدەست دەرناچێت هەروەکولەئێران سالی١٩٧٩بەپێچەوانەی تەسەوراتەکانی امریکارویدا،ئەوکات امریکالەبەرامبەر رەقیبەکەی خۆی دایەکێتی سۆڤێتی ئەوکات رازی بوبەوئالوگۆرانەکەپێی وابودەکرێت لەئەنجامی ئەوتەغەیروتەحەولاتەوهاتنەسەرحوکمی جمهوری ئیسلامی ئێران وەك رەقیبێکی ئایدولۆژی لەبن بالی یەکێتی سۆڤێت دژی بلۆکی رۆژهەلات کەلکی لێ وەربگرێت ،بەلام دەرئەنجامەکان شتێکی تربون وزیاترلە ٢٢سالەکەامریکاباجی ئەوهەلەیەئەداتەوەوئێترنایەوێت لەعێراقیش خۆی توشی هەلەیەکی تری وابکات،امریکالەدوای بەرژەوەندی یەکانی

خۆی دەگەرێت ،ئەگەرهەرئێستاسدام حسین لەم سازش وسەوداکاری یەدا امریکادڵنیابکاتەوەلەوەی کەبەرژەوەندی یەکانی پارێزراودەبێت لەعێراق لەژێرسایەی رژێمی بەعسداوەك لەباقی ولاتانی خەلیج پارێزراوەوریگەبدات بەگەرانەوەی کۆمیسیۆنی پشکێنەرانی نێودەوڵەتی بۆعێراق ،ئیترمەسەلەی دیکتاتۆربون یان نەبونی سەرۆکی عێراق وتەواوی کێشەکانی تری ناوخۆی عێراق بەکێشەی خەڵکی کوردستانیشەوەناکاتەمەشغەڵەتی خۆی ودەست لەورژێمەنادات ودەست لەهەرەشەکانیشی دژی ئەم ولاتەهەڵ دەگرێت وپەیوەندی یەکانی خۆی لەگەڵی دائاسایی دەکاتەوە،نیگەرانی امریکا لەرژێمی عێراق ئەوەیەسدام حسین باسی لەیەك نەتەوەیی عەرەب ویەکێتی ولاتانی عەرەبی دەکردلەنمونەی (مجلس اتعاون العربی)،وەك دەوڵەتێکی میلیتارستی گەورەی عەرەبی لەناچەکەدامەترسی هەبو بۆسەرئیسرائیل وخوڵقاندنی کێشەی جۆراوجۆربۆامریکا،باسی لەسەربەخۆیی نەوتی عێراق دەکرد،کەئەمانەهیچیان لەگەڵ بەرژەوەنی یەکانی ئەمریکادانەدەهاتەوە،امریکا عێراقێکی دەوێت وەك باقی ولاتانی عەرەبی لەناوچەکەداگوێ لەمستی خۆی بێت ،ئێستالەدوای ١١ساڵ لەسەخترین ئابڵوقەی ئابوری وتێکشکاندنی تواناسەربازی یەکانی رژێم لەجەنگی کەنداوداوکۆنترۆڵ کردنی هەرجموجۆڵێکی ئابوری لەم ولاتەورەزیل کردنی دیکتاتۆری عێراق بەجۆرێك کەتۆبەلەسەردەستی(شێخەکانی)کویت دەکات بەڵکورجای بۆبکەن لەکۆشکی سپی وسەری خۆی سەلامەت دەرچێت لەم کێشەیەداو(چش )لەناسیۆنالیستی عەرەبی وتەئمیمی نەوت، وئیتردوای سەپاندنی سیستەمی نوێی سزاکان بەسەرعێراقداوشەرعی یەت وەرگرتنی چاوەدێری بەردەوام بەسەربەرنامەی چەکسازی ئەم ولاتەدالەرێگای ئەنجومەنی ئاسایشەوە ،هێرش کردنەسەرعێراق وگۆرینی رژێمەکەی بۆامریکاش هیچ زەرورەتێکی نامێنێت. رابوردوی ئەم ١١ساڵەبۆرژێمی عێراقیش دەرس وپەندی زۆری تێدابوبەتایبەتیش کەمەترسی یەکان لەئێستادایەخەیان بەخودی دەسەلاتی رژێم گرتوە ئیترسدام حسینش هیچ بەرژەوەندی لەوەدانی یەشەری خۆترێن بکات ، سوك کردنی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسیش بەپێی بەرنامەی نوێ لەسەرعێراق وهەڵگرتنی قەیدوبەندلەسەرهێنان وبردنی کالامەدەنی یەکان وتوندکردنەوەی سزاسەربازی یەکان لەسەر رژێم وگرنگی دان بەگەرانەوەی کۆمیسیۆنی پشکێنەرەنێودەوڵەتی یەکان لەلایەن امریکاوئەنجومەنی ئاسایشەوەهێندەی ترجددی بونی امریکالەهێرش بۆسەرعێراق وگۆرینی ئەورژێمە دەخاتەژێرگومانەوە ،ئاخرئەگەرگۆرینی رژێمی سدام حسین تەنهارێگاچارەیەوبریاری لەسەردراوە،گەرانەوەی پشکێنەرەنێو دەوڵەتی یەکان وسیستەمی نوێی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆسەرئەم ولاتەچ زەرورەتێکی هەیە؟؟؟

٢٠٠٢/٥/١١ هۆڵند